The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# دەستخۆشی ناوەندی چاك بۆ كۆمیتەی سویدی چاك بە بۆنەی ئەو هەوڵە مێژووییەی بۆ بە ژینۆسایدناسینی كارەساتی ئەنفال دەیدەن

بەڕێزان لە كۆمیتەی سویدی چاك , بە ناوی سەرجەم ئەندام و كۆمیتەكانی چاك لە وڵاتان و لقی كوردستان و كۆمیتەی ڕۆژهەڵاتەوە دەستخۆشی لە یەك بەیەكی ئەندامان و دۆستانی كۆمیتەكەتان دەكەین لە وڵاتی سوید , بەوەی بۆ یەكەمجار لە مێژووی كورددا دۆزی ژینۆسایدی كوردتان لە پەرلەمانی وڵاتی سوید بردە بواری پراتیكەوە, كە ئەندامە لە یەكێتی ئەوروپا , هەر ناسینێكی ئەنفال بە ژینۆساید لە لایەن پەرلەمان و حكومەتی سویدەوە , ناسینی ئەنفال دەبێت بە ژینۆساید لە ئاستی حكومەت و پەرلەمانی هەر 25 وڵاتەكەی یەكێتی ئەوروپا , ئەمە هەنگاوێكی زۆر گرنگە بۆ بە جیهانیكردنی كارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە .

هەموو هەوڵە یەكەمەكان لە مێژوودا تۆمار دەكرێن , ئێمەش سەربەرزین بەوەی ئێوەی هاوڕێ و هاوخەباتمان بوونە خاوەند ئەو هەنگاوە گرنگە, هیوادارین هەمیشە هەروا پێشەنگ بن و ڕەوەندی كوردی و پارت و لایەنە سیاسی و جەماوەری و كولتورییەكان كورد لە هاندەران لە پێناو بە جیهانیكردنی كارەساتەكانی گەلی كورد چاو لە هەوڵەكانتان بكەن , پارت و لایەنە كوردستانییەكان و حكومەت و پەرلەمانی كوردستان و ڕاگەیاندنی كوردی گرنگی زیاتر بەو پرسە بدەن .

بەستنی كۆنفرانسێك بۆ ئەنفال لە ئاستی وڵاتانی ئەسكەندەنافیا هەنگاوێكی دیكە و تەكانێكی دیكە بە ناساندنی دۆزی ئەنفال و هەڵەبجە و پرسی ژینۆسایدی كورد دەدات , ئاواتە خوازین لەو هەنگاوەشتانا سەركەوتنەكانتان زیاتر بچەسپێنن .

**دەستخۆشیتان لێ دەكەین و هیوای سەركەوتنتان بۆ دەخوازین .**

**ناوەندی چاك**

2007-10-14

www.chak.be

chak_org@yahoo.com

تێبینی : تەنها ئەم ئیمەیل و ماڵپەڕەمان هەیە .